# سروودێك بۆ كوردستان

## ((كوردستان ))

⋆ كاوەی خەسرەو كاوانی⋆

كێ بــە قـەد تــۆ خۆشەویستە    چی وەك تـۆ لە نێو هەستمانە
چەنــدە بـــەرز وچەند پیرۆزە    عیشقی ئـائــــەم كـوردستانە
كوردستان ئــەی هێزی گیانم    كوردستان روونــاكی ژیــانــم

⋆ ⋆ ⋆ ⋆

هەولێر, سلێمانی دهۆك    ئــەی مـەهابـادی رۆژهـەلأت
دیــاربەكر بووكی بــاكوور    ئەی كەركووكی خوێن و خەبات
كوردستان ئـــارمی دڵم    سارێــژكەری زامی دڵم

⋆ ⋆ ⋆ ⋆

كەرمانشان و سنە و بانە    قامیشلی , عفرین و ماردین
هەڵەبجە و كیمیا باران و    ئەنفال لە نێوناخمان دەژین
كوردستان ئەی خۆشەویستم    شادەمــاری بیــرو هەستــم

⋆ ⋆ ⋆ ⋆

خۆشەویستی بــێ كۆتـایت    لە دڵ و خوێن و دەروونە
دیمەنی سازگارو جوانت    مانا بەخشی ژین و بوونە
كوردستان ئەی هێز و گیانم    كوردستان رووناكی ژیانم

⋆ ⋆ ⋆ ⋆

ئــەی وەلأتی ئەو لاوانەی    گیانیان بەخشی لە ئــاسۆوە
بەخوێن درەختی سەربەرزی    ئــاودرا بـــە عیشقی تۆوە
كوردستان ئـــارمی دڵم    سارێـژكەری زامی دڵ